UNFPA iraq

Norwegian Ministry of Foreign Affairs

**نەرویج پابەندبوونی بۆ هاوکاریکردنی ژنان و کچان لە عێراق بە بڕی 20 ملیۆن کرۆنی نەرویجی لەگەڵ سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان نوێ کردەوە**

**29ی تەمووز 2021؛ بەغداد، عێراق -** حکومەتی نەرویج بە بڕی 20 ملیۆن کرۆنی نەرویجی (2.35 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی)ی پاڵپشتی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان دەکات بۆ بەهێزکردنی ئاستی ڕێگری و وەڵامدانەوەی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەریی لەگەڵ تیشک خستنە سەر ژنان و کچان لە سەرانسەری عێراقدا.

ئەم پاڵپشتییە نوێیە دەبێتە هۆی باشترکردنی خزمەتگوزاریەکانی تایبەت بە توندوتیژیی جێندەریی لەوانە بەردەوام بوون لە کارکردن لە سەنتەرەکانی ژنان و هەوڵدان بۆ ئەوەی سەنتەرەکان دۆستی ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت بن. هەروەها پرۆژەکە پشتیوانی لە بەشدارییپێکردنە کوڕان و پیاوان دەکات لە دەستێوەردانەکانی تایبەت بە توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەری و زیادکردنی هۆشیاریی دەربارەی مافەکانی ژنان لە کەمپ و ناوچەکانی ئاوارە گەڕاوەکان دەکات.

سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە بەهێزکردنی توانای هاوبەشەکانی لە کۆمەڵگای مەدەنی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری کوالیتی بەرز بۆ کچان و ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەوانە ڕەوانەکردنی کەیسەکان و ڕاوێژکاریی.

بەڕێوەبەری کاروبارەکانی باڵیۆزخانەی نەرویج لە ئوردن و عێراق خاتوو ڕیتا فوروسێت ساندبێرگ گوتی: سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان لە عێراق هاوبەشێکی گرنگە بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی سێکسی و جێندەری، کە لە پێشینەی ئەولەویاتی پاڵپشتی مرۆیی حکومەتی نەرویجە. زیادبوونی هۆشیاری لەسەر توندوتیژیی سێکسی و جێندەری و باشترکردنی پاڵپشتییکردنی ڕزگاربووانی توندوتیژی ئامانجی سەرەکین بۆ گەیشتن بەوانەی پێویستیانە."

دکتۆر ڕیتا کۆلۆمبیا ئاماژەی بەوەدا کە: "پشتیوانییەکانی حکومەتی نەرویج لە دڵنیابوون لە بەجێنەهێڵانی کەس لە دواوە، گرنگی خۆی هەیە. ئەم پابەندبوونە نوێیە نەک تەنیا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بۆ کچان و ژنان دەگرێتەوە بەڵکو بەشدارییپێکردن و دروستکردنی دیالۆگ لەگەڵ کوڕان و پیاوان و خێزانەکانیش دەگرێتەوە کە هەموویان پێکەوە لەسەر گرنگی کۆتایی هێنان بە توندوتیژیی لەسەر بنەمای جێندەریی کار دەکەن. سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان سوپاسگوزارە بۆ نەرویج کە متمانەی بە هاوبەشییمان هەیە؛ پێکەوە بەردەوام دەبین لە خزمەتکردنی ئەو کەسانەی کە زۆرترین پێویستیان بەم خزمەتگوزارییانەیە."

****

سندوق نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان، دنیایەک دەهێنێتە ئاراوە کە هەموو دووگیانییەک خوازراو بێت، هەموو منداڵبوونێک پارێزراوبێت، و توانستی هەموو گەنجێک بەرجەستە بکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر یاخود هەر داواکارییەکی میدیایی، پەیوەندی بکەن بە سەلوە موسا، بەرپرسی پەیوەندییەکان، smoussa@unfpa.org